**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

**له بلاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

ناوی كتێب: **ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**پرۆتۆكۆلەكان ٢٠٠٠. بەرگی بیست و چوارەم**

چاپی یەكەم: ٢٠٠١
تیراژ: ١٠٠٠
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان : ٢٠٧

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک ........ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ........ ل٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ........ ل٧١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ........ ل٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ........ ل١٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ........ ل١٠٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ........ ل١٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ........ ل١٧٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ........ ل١٩٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ........ ل٢١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ........ ل٢٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ........ ل٣٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ........ ل٣٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ........ ل٤٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ........ ل٤٢٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ........ ل٤٤٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ........ ل٤٩١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەقدە ........ ل٥٢١

المادة التاسعة: تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتكون كالآتي:
١- يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناءً على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من احكام هذا القانون او مضى على تأسيس الحزب (٦) اشهر ولم يمارس نشاطه المنصوص عليها في نظامه الداخلي او انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة اعلاه دون اسباب تبرر ذلك.
المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

د. روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس. ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی هەردوو لیژنەی یاساو لیژنەی کاروباری ناوخۆ دەکەین.
فەرموون پرۆژەکەی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پرۆژەی کەم ئەندام بووەکانی پێشمەرگە.
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير البيشمه ركه ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠
قانون تقاعد معوقي البيشمه ركه

المادة الآولى:
يحال على التقاعد البيشمه ركه المصاب بعوق بدني في الحالات التالية:

١ـ اذا كانت درجة عجزه (٥٠٪) فما فوق بموجب تقارير طبية معتمدة صادرة من جهة ذات اختصاص.
٢ـ اذا فقد احد اعضائه الظاهرية مهما كانت درجة عجزه.
المادة الثانية:
يخصص راتب تقاعدي يعادل الراتب والمخصصات التي كان يتقاضاها البيشمه ركه اثناء الخدمة قبل اصابته بالعوق كل من بلغت درجة عجزه (١٠٠٪).
المادة الثالثة:
يخصص راتب تقاعدي يعادل الراتب الذي كان يتقاضاه البيشمه ركه اثناء الخدمة كل من تقل درجة عجزه عن (١٠٠٪) و فقد احد اعضائه الوارد في الفقرة الثانية من المادة الاولى.
المادة الرابعة:
يحال البيشمه ركه المصاب بعوق بدني الذي تقل درجة عجزه عن (٥٠٪) الى العمل ضمن وحدات ثابتة في صفوف البيشمه ركه وحسب الرغبة.
المادة الخامسة:
لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.
المادة السادسة:
على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.
المادة السابعة:
ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

د. روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڕێزان ئەم پڕۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسا و لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری و لیژنەی کاروباری پێشمەرگە دەکەین، ئەم سێ لیژنەیە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ ئەم پڕۆژەیە، سوپاس.
فەرموو.
**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێستاش ئەمە پڕۆژەی ڕێکخستنی شەقامەکانی هەرێمە.
رئاسة مجلس الوزراء
مشروع قرار
استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٩/١٠/٢٠٠٠

*كات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٩/١٠/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دوازدە)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.*

*بەرنامەی كار:*

*بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمواركراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە ی داوزدە)ی خۆی لە كات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٩/١٠/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:*

*١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای خانەنشینی پێشمەرگەی پەككەوتە.*

*٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیكای ئابووریناسانی هەرێمی كوردستانی عێراق.*

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی دووەمی ساڵی نۆیەم دەكەینەوە..بەرنامەی كاری ئەمرۆمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەكەم: خستنەڕوو وگفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای خانەنشینی پێشمەرگەی پەككەوتە.

دووەم: خستنەڕوو وگفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیكای ئابوری ناسانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

ئەندامانی لیژنەی كاروباری یاسا فەرموون بێنە سەر سەكۆ... بەڕێزێكیش لە ئەندامی لیژنەی كاروباری پێشمەرگە بێتە ئێرە.. لیژنەی كاروباری یاسا فەرموو..

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو هەموو لایەكمان ئاگادارین پرۆژەی یاسای خانەنشینی پێشمەرگە پەككەوتەكان لەلایەن وەزارەتی كاروباری پێشمەرگەوە پێشنیار كراوە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند كراوە و

بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری گونجاوی لەسەر بدرێت وئێستاش من مادده مادده دەقی پرۆژەکە دەخوێنمەوە.

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الپيشمەرگە ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون تقاعد معوقي الپيشمەرگە

المادة الأولى:

يحال على التقاعد الپيشمەرگە المصاب بعوق بدني في الحالات التالية:

١ـ اذا كانت درجة عجزه (٥٠٪) فما فوق بموجب تقارير طبية صادرة من جهة ذات اختصاص.

٢ـ اذا فقد احد اعضائه الظاهرية مهما كانت درجة عجزه.

ئەوە ماددەی یەکە بەڵام پێش ئەوەی ئێمە بچینە ناو ماددەکان، حەز دەکەم رای لیژنەی یاسا بخوێنمەوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی اطلاعێکیان لەسەر هەبێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ببورە جەنابت یەتەما بووی هەمووی بخوێنیەوە.. بەردەوام بە بیخوێنەوە

بەڕێز شێروان ناسح:

یانی بەردەوام بم...

المادة الثانية

كل الپيشمەرگە بلغت درجة عجزه (١٠٠٪) او فقد احد اعضائه الواردة في الفقرة الثانية من المادة الاولى.

يخصص له راتب تقاعدي يعادل الراتب والمخصصات الشهرية التي يتقاضاه اثناء الخدمة .

بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن لێرە پاش وپێش کراوە بەنیسبەت ماددەکان، ئینجا من بەردەوام دەبم لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا بڵاو کراوەتەوە دوایی لە کاتی تێبینی یەکان وگفتوگۆی ماددەکان یەکە یەکە روونکردنەوەیان لەسەر دەدەین.

المادة الثالثة:

يحال الپيشمەرگە المصاب بعوق بدني تقل عجزه عن (٥٠٪) الى العمل ضمن وحدات ثابتة في صفوف الپيشمەرگە وحسب الرغبة.

المادة الرابعة:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو وەرە ئێرە دابنیشتە، ڕای لیژنەی یاسا بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان پاش لێکۆڵینەوە وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای خانەنشینی پێشمەرگە پەککەوتەکان پەسەندی پرۆژکەمان کرد بەتێکڕایی دەنگ داوا لەبەڕێزتان دەکەین کە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پێشمەرگە.. کاک شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر شێخ علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەسەر پرۆژەی یاسای خانەنشینی پێشمەرگە کەم ئەندام بووەکان:

١- لیژنەکەمان ئەم پرۆژەیەی لا پەسەندە وبەکارێکی باشی دائەنێت بۆ خزمەت کردنی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە بە شەهیدی زیندوو دەژمێردرێن و خەباتیان کردووە بۆ پاراستنی کوردو کوردستان وئەزمونەکەی کە ئەم پرۆژەیە جۆرێکە لەوەفاداری بۆ ئەو قارەمانانە هیوادارین هەنگاوی تری بەدواوە بێت بۆ باشتر خزمەت کردن وڕێکخستنی ژیانی پێشمەرگە.

٢- لیژنەکەمان پەسەندی هەر شەش ماددەی پرۆژەکە دەکات ولەگەڵ ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسا ئامادەی کردووە ئێمەش پشتیگیری ڕایەکەی لیژنەی یاسا دەکەین کە ماددەیەکی تر (اضافە) بکرێتە سەر ئەم پرۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داراییش ڕایەکەی هەبوو لەم بارەیەوە، فەرموو کاک جمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

ڕایەکەی ئێمە بەم جۆرەیە:

رقم ج/٢٠

تاريخ: ٢٠٠٠/٩/١٦

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم

م/مشروع قانون تقاعد معوقي الپێشمەرگە

تحية واحتراما:
كتابكم المرقم ك/١٩ في ٢٠٠٠/٩/١٣
اجتمعت لجنتنا لدراسة ومناقشة المشروع اعلاه في ٢٠٠٠/٩/١٣ وبعد دراستها ومناقشتها توصي اللجنة بما يلي:
١- اضافة العبارة التالية الى المادة الثالثة (ولاتقل عن ٥٠٪) بعد عبارة (تقل درجة عجزه عن ١٠٠٪).
أ- اضافة هذه المادة وتكون مادة جديدة بعد المادة الثانية من المشروع وتقرأ كالاتي: يخصص راتب تقاعدي يعادل الراتب الذي يتقاضاه البيشمەرگە اثناء الخدمة كل من تقل درجة عجزه عن ١٠٠٪ ولا تقل عن ٥٠٪.
ب- حذف المادة الثالثة من المشروع حيث لاعلاقة لها بالتقاعد وان نقل البيشمەرگە الى الوحدات الثابتة من صلاحيات وزارة البيشمەرگە هذا ولكم الامر مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

المادة الاولى:
يحال على التقاعد البيشمەرگە المصاب بعوق بدني في الحالات التالية:
١- اذا كانت درجة عجزه (٥٠٪) فما فوق بموجب تقارير طبية صادرة من جهة ذات اختصاص.
٢- اذا فقد احد اعضائه الظاهرية مهما كانت درجة عجزه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمە هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینییەکمان نییە لەسەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشمەرگە چاڤ ودلێ مەنە زێرەڤانێ گەل و ولاتن ئەو تێکۆشەرەی گیانێ خۆ بۆ خزمەتا گەلی خۆ تەرخان کری و چ بۆ بکرێ حەقی ویە ومنت نینە واجبە من لڤێرێ ملاحظەیەکم لەسەر فقرە دووی هەی (اذا فقد احد اعضائه الظاهرية مهما كانت درجة عجره) بە قەناعەتی من لڤێرێ باشتر بێتە توضیح کرن چونکە هەندێ عضوێ بەسیط هەن ئەگەر بێتە فقد کرن نەدبێتە هەندێ پێشمەرگە پەک کەوتێ وەکو گوێ عضوەکی سمعیە ئەگەر بێتە ژ کرن ساچمەیە طلقەیە ممکنە نەبێتە درجە وەکو عەجزێک پێ بکاتن یانی تحدیدا اعضاء ظاهری بێتە کرنێ باشتر دەبێ لە قانونێدا، ئەڤە یەک، ڤە دووێ نەڤرێژە درێبن چ عضوێ فقد نەکرد یانێ طلقەیەک دڤێ وی کەوت وتشویە ظاهری هاتە کرنێ لڤێرێ بە قەناعەتێ من ئەڤە بێتە اضافە کرنێ لەسەر فقەرێ وکو پێشمەرگە بێتە تقاعد کرن وتخصیصا راتبێ بێتە کرنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی وەزیری پێشمەرگە دەکەین و هەروەها مجلس وزراء کە فعلەن ئەم قانونە بۆ شریحەیەکی گرنگە و ئەوانەی تضحیەکی زۆریان داوە من بەنیسبەت فقەرە یەک تێبینیم هەیە ئەویش ئەوەیە دەڵێ عەجزەکە لە (٥٠٪) بێت، بەرای من ئەوەی پێشمەرگە بێت ئەگەر عەجزی (٣٠)ش بێت ئیتر ناتوانێ بە مهامی پێشمەرگە هەڵبستێ، لەبەر ئەوە عەجزەکە بەنیسبەت منەوە زۆرە ئەبێ لە ٣٠٪ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرەش..

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاک عبدالخالق فەرمووی ئەوە معالجە کراوە ئەوانەی عەجزەکەیان لەسەدا پەنجا کەمترن لە ضمنی وحداتی ثابت دەمێننەوە ئیشیان پێ دەکەن لەوانەیە ئیشی کتابیان پێ دەکەن راستە عەجزی لە (٥٠٪) پێشمەرگایەتی پێ ناکرێت بەڵام لە ضمنی وحداتی ثابت زۆر ئیشیان پێ دەکرێت، ئەوەی کاک دکتۆر رزگار فەرمووی تەبعەن ئەوە لیژنەی طبی تقدیری دەکات کابرایەک گوێی نیبە تقریر طبی دەنوسی دەڵێ ئەو کابرایە لایزال صالحە لە بۆ ئیش وکار، کە گوتی ئیش وکاری پێ دەکرێ مەرج نییە احالەی تقاعد بکرێت ئەو بریار دەدات کە احالەی تقاعد بکرێت یان نا کە ئێمە دەڵێین فقد احد اعضاء ظاهریە زۆر مطلق نییە تەنها تقریر طبی ئەو بریارە دەدات کە ئەو قابلیەتی تقاعدە یان نا لەبەر ئەوە ئەوە تقدیراتی ئەوانە یان دەم خواربوون

ئەوەش هەر لیژنەی طبی تقدیر دەکات ئەو پێشمەرگەیە بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە چونکە امکان نییە قانون هەموو جزیئاتێک معالجە بکات و هەموو کون وقوژبنێک معالجە بکات امکان نییە یانی ئەوە پەنجەیەکە ئەوە دەستێکە لەوانەیە پەنجەی راستە یان چەپە ئەوانە هەمووی معالجە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری پێشمەرگە هیچ تێبینیت نییە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان (زعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەوەی ئەو قانونە بەزوویی خرا بەردەست وگفتوگۆی لەسەر بکرێ کە بەراستی زۆر زۆر پێویست بوو بۆ برا پێشمەرگەکان و ئەو کەسانەی کە معنین زۆر رەچاویان دەکرد وزۆر لەمێژە چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە رۆژێک ئەو قانونە بەرپا بێت وجێ بەجێ بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بگەنە مافەکانی خۆیان کە زۆر جار لەبەرەی شەڕەکان کە تووشی ئەو جۆرە گیروگرفتانە دەبن بە مافی خۆیان بگەن، هەروەکو دەزگای شەهیدانیش دامەزرا بەراستی ئەویش جێگای شانازی بوو بۆ هەموو لایەک هەروەها دەزگای ئەیلول ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە معنویاتی پێشمەرگە بەرزبکەنەوە بەرووحیەتێکی بەرز بەرەنگاری دوژمنان وگیرەشێوێنیان بن وبتوانن بەکارەکانی خۆیان هەڵسن بەتەواوی ودڵنیا بن کە مافەکانیان پارێزراوە، لێرەدا ئەو تێبینییانەی کە پێشکەش دەکرێت ئێمە پێشتر زۆر دانیشتووین لەسەری ومناقەشاتی زۆرمان کردووە لەهەمان کات ئێمە لیژنەی پزیشکیمان هەیە هەروەکو کاکەرەش ئاماژەی بۆ کرد ئەو لیژنە پزیشکیە بەدەرەجاتی خۆی دانراوە تعلیماتی تری دراوەتێ ودکتۆری مختصین دانراون لەهەموو لایەکەوە دەتوانن دەرجەکان تشخیص بکەن لە چ دەرجەیەک ئەوە تووشی ئەو پەککەوتەیە بووە لەوێندەرێ کە دەست نیشانی دەرجەکەی لەبۆکرا بەپێی ئەو دەرجەش ئێمە دەتوانین کاری تری پێ راسپێرین ئەگەر سەد لەسەد بێت تەبعەن ئەوە راتب و مخصصاتی دەدرێتێ ولەماڵەوە دائەنیشێ وئەگەر لە سەد کەمتر بێت یارمەتیەکی پێ دەدرێت و مخصصاتەکەی لەوانەیە پێ نەدرێ وەکو بڕیارە ئەمە ئەگەر پەنجا لەسەد بوو ئەوە دەتوانین لە شوێنێکی ئیداری دایبنێین و لە ئیدارە لەدەزگاکانی تر سوودی لێ وەرگرین بۆیە من ئەوەی کە هاتووە لیژنەی یاسا دایناوەو پەسەندی کردووە منیش پەسەندی دەکەم وجێ بەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری پێشمەرگە،تصور دەکەم ئەو ماددەیە پێویست بە مناقەشەی زیاتر ناکات بۆیە تکایە جارێکی تر لیژنەی یاسا ئەو ماددەیە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

المادة الاولى:

يحال على التقاعد البيشمەرگە المصاب بعوق بدني في الحالات التالية:

١ـ اذا كانت درجة عجزه (٥٠٪) فما فوق بموجب تقارير طبية صادرة من جهة ذات اختصاص.

٢ـ اذا فقد احد اعضائه الظاهرية مهما كانت درجة عجزه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس...بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. تێبینی یەک بۆ کاک عبدالخالق لەراستیدا لە برگەی دوو دەڵێ (اذا فقد احد اعضائه الظاهریه مهما کانت درجه عجره) ئەوە لەوانەیە لەسەدا بیست بێ یا سی بێت، ماددەی دوو تکایە بخوێنەوە..

**بەڕێز شێروان ناسح:**

المادة الثانية

كل البيشمەرگە بلغت درجة عجزه (١٠٠٪) او فقد احد اعضائه الواردة في الفقرة الثانية من المادة الاولى.

يخصص له راتب تقاعدي يعادل الراتب والمخصصات الشهرية لاقرانه المستمرين في الخدمة.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تعدیلێکمان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە بەراستی و بەو شێوەیە دەبێت (كل البيشمەرگە بلغت درجة عجزه (١٠٠٪) او فقد احد اعضائه الواردة في الفقرة الثانية من المادة الاولى.

يخصص له راتب تقاعدي يعادل الراتب والمخصصات الشهرية التي يتقاضاه اثناء الخدمة ).

لەبەر ئەوەی (لاقرانه المستمرين في الخدمة) بەرای ئێمە لابچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز جعفر شێخ علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش تەئییدی ئەو بۆچوونەی لیژنەی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەگەر تێبینیتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز زعیم علی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ زۆر ڕاستە من تەئییدی ئەو تعدیلە دەکەم لەجێی خۆیدایە تعدیل بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەربارەی مادده دوو دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین، مامۆستا مەلا طلحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا طلحە سعید قرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە وا هاتووە دەڵێ (يخصص راتب تقاعدي يعادل الراتب والمخصصات التي كان يتقاضاها البێشمەرگە اثناء الخدمة قبل اصابته بالعوق كل من بلغت درجة عجزه (١٠٠٪). قبل اصابته) کابرا دە ساڵ لەمەوپێش معوق بووە ئەو کات معاشی دوو دینار بووە وەیان کەمتر بووە دەبێ لەسەر ئەو معاشە حساب بکرێت یان لەسەر ئی ئێستا حساب دەکرێت؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە لە وەزارەتی شۆونی پێشمەرگە دەرچووە و ئەو خەڵکانە لەوێ روابطیان ثابتە لەوەزارەتی شۆونی پێشمەرگە وئەو کەسانەی لەوێ تقاعد دەبن لەوێ مربوطن بەوانەوە حتما راتبەکانیان دیارە چەندیان وەردەگرت لە کاتی خدمە لەبەر ئەوەی دەپرسرێ کە تقاعدیان بۆ دادەنرێ نوسراوێک توجیهی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێت تکایە ئاگادارمان بکەن وراتب ومخصصاتی ئەو برادەرەی چەندە چونکە عەوەقەکەی لە سەدە یان لەسەد کەمترە بە توضیح کتابەکە وەڵام دەدرێتەوە وبەو شێوە لە منهجی تقاعد تقاعدەکەی بۆ دیاری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تکایە بەو شێوەیەی تازە لەگەڵ تعدیلەکە بخوێنرێتەوە تاکو بیدەینە دەنگدان...

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية

كل البيشمەرگە بلغت درجة عجزه (١٠٠٪) او فقد احد اعضائه الواردة في الفقرة الثانية من المادة الاولى.

يخصص لە راتب تقاعدي يعادل الراتب والمخصصات الشهرية التي كان يتقاضاها اثناء الخدمة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دوو بەو شێوەی کە خوێنرایەوە دەیدەینە دەنگدانەوە واتە پاش تعدیل.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو ماددەیە پەسەند دەکەن دوای تعدیل دەستیان بەرزبکەنەوە ... سوپاس.. ئەو کەسانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا...

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەو مەوزوعەی کە سەد لەسەدا دیاری کراوە شێوەی تقاعدی چ وەردەگرێت ، بەنیسبەت ئەوانەی کە رادەی پەککەوتەکەیان لەسەد کەمترە دیاری نەکراوە لەبەر ئەوە پێویست بوو ماددەیەک هەبێت بەماددە سێ ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بەرای ئێمە پێشنیارمان کردووە.

المادة الثالثة :

يخصص راتب تقاعد يعادل الراتب الذي كان يتقاضاه الپێشمەرگە اثناء الخدمة كل من تقل درجة عجزه عن (١٠٠٪).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ماددە سێ بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

المادة الثالثة :

يخصص راتب تقاعد يعادل الراتب الذي كان يتقاضاه الپێشمەرگە اثناء الخدمة كل من تقل درجة عجزه عن (١٠٠٪).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو نییە ئەو لەسەدا پەنجاش کەمتر دەکرێتەوە، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

يخصص راتب تقاعدي يعادل الراتب الذي كان يتقاضاه الپێشمەرگە اثناء الخدمة كل من بلغت درجة عجزه (٥٠٪) فاكثر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ماددەیەکە اضافە دەکرێتە سەر یاساکە چونکە دیارە لێی کەوتوە، زیاتر توضیحی رواتبی ئەوانەیە کە درجەی عەجزیان لەنێوان پەنجا لەسەدو سەد لەسەدایە یارمەتی ئەوانەی کە لەماددەکانی تردا نەهاتووە توضیحێکە کە لیژنەی یاسا بە پەسەندی دەزانن ئەمە هەر بۆ معلومات بوو بۆیە تکا دەکەم لەوانەی کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە تاکو ناونووس بکرێن، لیژنەی پێشمەرگە فەروو.

**بەڕێز جعفر شێخ علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پێشمەرگەش زیاد کردنی ئەو ماددەیەی بە پێویست زانی ئێمەش لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساین و پێشتیریش لەگەڵمان باس کردوون، کە یاساکە پێویستە ماددەیەکی وای تێدا بێت بۆ ئەوەی ئەوانەی کە لەسەدا سەدو لەسەدا پەنجا ئەو موچەیان دەست نیشان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک مەلاهادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باش بوو دیسان ماددەکە بخوێنرێتەوە چونکە برادەرانی ئێمە نەصی ئەخیر تێنەگەیشتین،

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

المادة الثالثة:

يخصص راتب تقاعد يعادل الراتب الذي كان يتقاضاه الپێشمەرگە اثناء الخدمة كل من بلغت درجة عجزه (٥٠٪) فما فوق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فقێ عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی بەم شێوەیە بوو (يخصص راتب تقاعدي يعادل الراتب الذي كان يتقاضاه الپێشمەرگە اثناء الخدمة كل من تقل درجة عجزه عن (١٠٠٪) ولا تقل عن (٥٠٪).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا بۆ جەنابت خوێندرایەوە و هیچ تێبینییەکیان لەسەر قانونی تقاعدی پێشمەرگە نەبوو، ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە تێبینی لیژنەی ئابوریە کە بە راپۆرت بۆ جەنابت هاتوو بەنوسراوی ژمارە (ج/ ٢٧ فی ١٦/ ١٠/ ٢٠٠٠) شێوەکەشی شەفیقە خان خوێندیەوە (يخصص راتب تقاعد يعادل الراتب الذى كان يتقاضاه الپێشمەرگە اثناء الخدمه كل من تقل درجه عجزه عن (١٠٠ ٪) ولا تقل عن (٥٠ ٪)، ئەمە واضحە و دەقیقە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەقی مادەی سێیەمدا هاتووە: «يخصص لكل من»، ئەگەر «يتقاضى» بێت ئەوە جێگای خۆیەتی، بەلاّم پێموایە روون نییە، ئەوەی کاک جمیل وتی روون ترە، پێشنیار دەکەم کەوا ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێ، ئەگەر پێتان پەسەند بێت، «كل پيشمە رگە لا تقل درجة عجزه عن ٥٠٪ ولا تبلغ ١٠٠٪يخصص لە راتب تقاعدي يعادل الراتب الذي كان يتقاضاه

أثناء الخـدمـة» بەم شێوەیە روون ترە و، جیاوازیشی تەنها لەگەڵ ماددەی یەکەمدایە و، لەگەڵ ماددەی دووەمیشدا تەنها دەرماڵەکەیە کە لە ماددەی سێیەمدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز عومەر عوسمان«زعیم عەلی» /وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەقەی کە ئێستا بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر خوێندیەوە روون ترە و، بەرای من ئەگەر ئەوە دابنرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا ئێوە رازین لەسەر ئەم دەقە کە بەم شێوەیەی لێ بێت؟، رازین، کەواتە بۆمانی بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ دێ:«کل پیشمه رگه لا تقل درجة عجزه عن ٥٠٪ ولا تبلغ ١٠٠٪یخصص له راتب تقاعدي یعادل الراتب الذي کان یتقاضاه أثناء الخدمة»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەردەوام دەبین لەسەر ناوەکان، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێمواپە لێرەش زۆر ورد نەبوون، چونکە ئەوەی کە مامۆستا مەلا تاهیر باسی کرد لەگەڵ برگە یەکی ماددەی یەکەمدا ناگونجێت کە دەڵێت:«إذا کان درجة عجزه ٥٠ فما فوق»، بەڵام ئەوەی کە جەنابی باسی کردووە لە ٥٠ کەمترە، بۆیە من پێمواپە ئەگەر وای لێ بکرێت: «یخصص راتب تقاعدي یعادل الراتب الذي کان یتقاضاه البیشمه رگه أثناء الخدمة کل من تتوفر فیه شروط الفقرة الاولى من المادة الاولى على ان تکون درجة عجزه ١٠٠٪»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حـــەمـــیـــد ســـەلیم مـــیـــران:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئەو رایەی کە بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر خوێندیەوە هەمان رای لیژنەی داراییە، منیش پشتگیری لێ دەکەم، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ماددەکە لە بنەڕەتدا هەڵەیەکی تیادایە کە دەڵێت:« وفقد أحد أعضائه الوارده» ئەمە ئێستا هەموار کرا، بە رای من دەبێت وابێ کەوا تێبگەین کەوا پەککەوتنەکەی بە هۆی حاڵەتێکی تایبەتە، لە نێوان ٥٠ تاوەکو ١٠٠ ، لە ماددە بنەڕەتییەکەدا تەواو نییە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی.

**بەڕێز ئیـبـراهیم عـەبدولقـادر دۆغـرەمـەچی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

وابزانم ماددەی سێیەم وەکو خۆی بمێنێت زۆر باشە، چونکە بەگوێرەی لە سەرووی ٥٠٪ لە ماددەی یەکەمدا چارەسەر کراوە، لێرە دەڵێت«یقل عن ١٠٠ ٪» دەگەڕێتەوە بۆ برگە «١» لە ماددەی «١» کە نابێت لە ٥٠ کەمتر بێت و، بابەتی «إذا فقد أحد أعضاء الظاهرية» ئەوەش ئاماژە بۆ برگەی «٢» لە ماددەی «١» دەدات، جا ئەگەر ماددەی «٣» وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

سەبارەت بە ئێمە ئەوەی کە بەڕێز مەلا تاهیر باسی کرد هیچ لاریمان نییە کەوا دابنرێت لە رووی دارشتنەوە وهیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، چونکە ئەو دەڵێت «درجة عجزه» ٥٠ زیاترە و ناگاتە ١٠٠ ، ئەوە مووچەی خانەنشینی دەدرێتێ، ئەوەی ١٠٠ ٪یش روون کراوەتەوە لە ماددەی یەکەمدا کەوا مووچەو دەرماڵەی پێ دەبەخشرێ، بە رای ئێمە ئەوە نابێتە گرفت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

دوایین دارشتن کەوا لەسەری رێککەوتین تکایە بخوێنرێتەوە تاوەکو بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

المادة الثالثة:

كل پيشمه رگه لا تقل درجة عجزه عن ٥٠٪ ولا تبلغ ١٠٠٪ تخصص له راتب تقاعدي يعادل الراتب الذي كان يتقاضاه أثناء الخدمة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە بەم شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددە«٤» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

يحال البيشمةرگه المصاب بعوق بدني الذي تقل درجة عجزه عن (٥٠٪) للعمل ضمن وحدات ثابتة في صفوف البيشمةرگه وحسب الرغبة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ئابووری، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە ئەم ماددەیە لابردرێت، چونکە زیادە، چونکە گواستنەوەی پێشمەرگە لە دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێز جەنابی وەزیری پێشمەرگەیە، پێویست ناکات لێرە لە یاسای خانەنشینی باسی لێوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ماددە بنەڕەتییەکەدام، بەڵام وشەی «يحال» لە سەرەتاوە هاتووە، لێرە پێشمەرگە بەردەوامە لەسەر پێشمەرگایەتی خۆی، کەواتە دەبێت بوترێت«ينقل الى الوحدات الثابتة بعد إصابته»، جا بەرای من وشەی «يحال» بگۆڕدرێت بە وشەی «ينقل»، چونکە ئەگەر پلەی پەککەوتنی بەو شێوەیە بێت دەگوازرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە ئەوە مەسەلەیەکی دارشتنە و هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، بەڵام رای ئێمە ئەو ماددەیە

بمێنێت، چونکە لە یاسای خانەنشینی ئەو ماددەیە نییە، پاشان وشەیەک دانراوە لە کۆتاییدا کە دەڵێت«وحسب الرغبة» کەواتە ویستی ئەو کەسە ڕەچاو کراوە، چونکە ئەگەر لە دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە بێت ئەوە بە گوێرەی دڵی خۆی لە هەر کوێیەک بێت دایدەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«حسب الرغبة» شتێکی بنەڕەتییە لە بابەتەکەدا و، لە وەحداتی وەزارەتی پێشمەرگە دەمێنێتەوە، کەواتە سیفەتی پێشمەرگەی لەسەر لاناچێ، جا بۆیە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە هاتووەتەوە، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز عومەر عوسمان«زەعیم عەلی» /وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لە یاساکەدا هاتووە زۆر ڕێکوپێکە، سەبارەت بەو «حسب الرغبة»یەش ئەوە پێزانینێکە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی ئەو پێشمەرگەیەی کە تووشی ئەو کەم ئەندامییە بوە، بۆیە ئەو ویستەمان پێ بەخشیوە، دەتوانین بڵێین وەکو نازێکە دراوە بەو پێشمەرگانە جا بە رای ئێمە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا ماددەکە بەو شێوەیەی کە هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە. تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

ينقل البيشمەرگه المصاب بعوق بدني الذي يقل درجة عجزه عن (٥٠٠٪) للعمل ضمن وحدات ثابتة في صفوف البيشمەرگه وحسب الرغبة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەگەر ویستی لە «وحده»کەی خۆی بمێنێتەوە، جا بە رای من «يحال» ڕێک ترە، تکایە بە «يحال » جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

يحال البيشمەرگه المصاب بعوق بدني الذي يقل درجة عجزه عن (٥٠٪) للعمل ضمن وحدات ثابتة في صفوف البيشمەرگه وحسب الرغبة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٤»ە بەم شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی پێنجەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن:

هیچ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە ؟نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٥»دایە بەم شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی شەشەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السادسة:**

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ نییە، ماددەی شەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە نییە، کێ لەگەڵ ماددەی حەوتەمدایە بەم شێوەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە؟ کێ لەگەڵ یاسای خانەنشینی پێشمەرگە پەککەوتووەکاندایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ یاساکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە خستنەروو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووری ناسانی کوردستانی عێراقە، سوپاسی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەین بۆ ئامادە بوون و بەشدار بوونی لەم دانیشتنەمانەدا، فەرموو.

**بەڕێز عومەر عوسمان «زەعیم عەلی» /وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەین کە زەحمەتتان کێشاو ئەو گفتوگۆیە بە ڕێکوپێکی بەڕێوە چوو و پەسەندتان کرد کە ئەو یاسایە سەقامگیر بێت و، بە یاری خوا پاش ئەوەی لە ڕۆژنامەی

ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە جێبەجێ بکرێت و، ئەمە مژدەیەکی زۆر گەورە و دڵخۆش کەرە بۆ هەموو برا پێشمەرگەکان و، بۆ هەموو جەماوەری کوردستان و ئەوە ئارەزوویەکی زۆر گەورەی سەرۆک بارزانی بوو کەوا ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت و دەست بەکار بێت، جارێکی تر سوپاستان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کەوا گفتوگۆی سەندیکای ئابووری ناسان دوابخرێت بۆ دانیشتنێکی تر، چونکە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری لێرە نییە، ڕەنگە ئاگادار نەکرابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام ئیشی هەیە و داوای مۆڵەتی کردووە و، ئێمەش مۆڵەتمان پێ داوە، کەواتە گفتوگۆ کردنی ئەم خاڵەی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوادەخەین بۆ دانیشتنی ئایندە، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین و، دانیشتنی ئایندەمان سبەی کات «١٠»ی پێش نیوەڕۆ دەبێت، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٢٢

مێژووی بڕیار: ٢٩/ ١٠/ ٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٢)ی رۆژی (٢٩/١٠/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٠

یاسای خانەنشینی کەم ئەندامبوانی پێشمەرگە

ماددەی یەکەم:

ئەو پێشمەرگەیەی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، تووشی کەمئەندامبوونی لەش بوون، خانەنیشین دەکرێن:

١ـ ئەگەر پلەی زەبوونیی، بەپێی راپۆرتی پزیشکی کە لە لایەنێکی پسپۆڕەوە دەرچووبێ، (٥٠٪) یان زیاتر بێ.

٢ـ ئەگەر ئەندامێکی دیوی دەرەوەی لەشی لە دەست دابێ، سا پلەی زەبوونیی هەرچەندە، دەبێ، ببێ.

ماددەی دووەم:

هەر پێشمەرگەیێ پلەی زەبوونیی گەیشتبێتە (١٠٠٪) یان ئەندامێکی لەشی «وەک ئەوەی لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمدا هاتووە» لە دەست دابێ، مووچەیەکی خانەنیشینی بۆ دەبڕدرێتەوە، بە قەدەر سەرجەمی ئەو مووچەو دەرماڵەیە بێت کە مانگانە لە کاتی خزمەتا وەریدەگرت.

ماددەی سێیەم:

هەر پێشمەرگەیێ پلەی زەبوونیی لە (٥٠٪) کەمتر نەبێ و نەگیشتبێتە (١٠٠٪)، ئەوە مووچەیەکی

خانەنیشینی بۆ دەبڕدرێتەوە بە قەدەر ئەو مووچەیە بێت کە لە کاتی خزمەتا وەریدەگرت.

ماددەی چوارەم:

ئەو پێشمەرگەیەش کە تووشی کەمئەندامی بووەو پلەی زەبوونییەکەی لە (٥٠٪) کەمترە، لەسەر حەزو ئارەزووی خۆی هەواڵەی یەکە جێنەگۆڕە (الوحدات الثابتە)کانی ریزەکانی پێشمەرگە دەکرێ کە لەوێ کاربکات.

ماددەی پێنجەم:

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێ.

ماددەی شەشەم:

پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

ماددەی حەوتەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە جەریدەی رەسمیدا، دەخرێتە کار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**